# پەیوەندی نێوان فەلسەفەو مێژوو

نووسینی: رابرت برنز وەرگێڕانی: ئەمیر حاجی موحەمەد

بەشی دووەم و کۆتایی

ئۆمانیستانی {یان وێژەرانی مرۆڤ گەرایی} چەرخی رنیسانس زیاتر گرنگیان بەمێژوو دەدا، بەڵام ریشەی ئەم گرنگی پێدانە پرسە میتافیزیکیەکان نەبوو، بەڵکو نوێ کردنەوەی فەرهەنگی یۆنان و ڕۆمان بوو کە خۆی لەخۆیدا بە چالاکی مێژوویی دەژمێردرا. لەمەش زیاتر، زۆربەی ئۆمانیستانی ئیتالیا، خۆیان بە جێنشینی ڕۆمانە کۆنەکان دەزانی و بۆ ئەوەی بتوانن لەو کاودانە سیاسیە لاوازەی وڵاتەکەیان کاریێ بکەن، مێژووی ڕۆمانیان تاوتوێ دەکرد. (لۆرنستۆ والا) (1407 – 1457 ز) لە وەڵامدانەوەیدا سەبارەت بە بۆچوونی ئەرەستۆ کە سوکایەتی بەمێژووو دەکات، دەڵێت: مێژوو نە تەنیا ((بەهێزترە لەشیعر راستگۆتریشەو بەرەو راستی دەڕوات نە بەرەو وەرگێراوان (انزاعات)و بە نموونەو بەڵگە سەرمەشق دەدات))، بەڵکو لەفەلسەفەش باشترە چوونکە لەوتاری مێژوو نووسان، جەوهەری زیاتر، ئاگایی زانستی پێشتر.. نەریت زیاترو لەهەر بەشێکیان زانیاری زۆرتر بەدی دەکرێ تا دەستورو بنچینەکانی فەیلەسوفان، (ماکاویلی) یش (1469–1527 ز ) بەم شێوەیە رەزامەندی خۆی بۆ مێژوونووسانی کۆن دەردەبڕی: (( هەرکەسێ بڕوانێتە ئێستاو رابردوو دەبینێ کە شاران و وڵاتان و خەڵکانی یەکێتی خواست مەیل و شەوق رێك دەخەن و دەیبزوێنن هەر وەك ئەوەی لەرابردوویش ڕێکیان خوستووەو بزواندویانە، کەواتە بە بەدواداچوونەوەی جیدی و پەیگیری کردنی رابردوو بە هاسانی دەتوانرێ پێشبینی بکرێت کە لەهەر کۆمەڵگەیەك، لەداهاتوودا چی رودات)). (هنری کورنلیۆس ئاگریپا فون تسهایم) (1486– 1535ز) لەو باوەڕەدابوو کە (لەهەموو هونەرەکان) نزمترین پلەی بەمێژوو وەك سەرچاوەی راستێتی داوە چونکە مێژوونووسان ((بەتووندی لەگەڵ یەکدا جیاوازیان هەیەو تشتگەلێکی وەها جیاواز دەربارەی رووداوێکی دیاری کراو دەنووسن کە مەحاڵە چەند کەسێ لەوانە درۆزن نەبێ)). تەنانەت بەجەستەترین مێژوونووسی چەرخی رنیسانس، (فرنچسکۆ گوێتچار دینی) (1482–1540ز) جارێ لەوەڵامی (ماکیاویلی)دا نووسی ((چەن نادروستە بەهەر هەنجەتێ شایەت و گەواهی لەڕۆمانیاوە هاوردن. لەبەر ئەوەی بەراوردکردنەکە راست و رەوابێت، چونکە پێویستە شارێ یان وڵاتێکی وەك ئەوانەیان هەبێت و پاشان فەرمانڕەوایی کردن لەسەر ئەو شارە یان وڵاتەی کە هەیانە دەبێ سەرمەشق لەڕۆمیانەوە وەرگرن))، لەبەر ئەوە ((ئەگەر نموونەکان لەهەر ڕوویەکەوە وەك یەکتر نەبن، بێ قازانجە چونکی هەر جیاوازیەکی زۆر بچووك لەهەر بوارێکەوە لەوانەیە خوارو لار بوونەوەی گەورەی لەدەرئەنجامەکان بکەوێتەوە)). بەم هۆیە ((لەسەر رواوە هەنووکەییەکان، وتەگەلێکیان دەربارەی داهاتوو نووسیوە)) کارێکی دژوارە، چونکە ((بەگۆڕانی هەرشتێکی بچووك لەوانەیە ئاکام بگۆڕێنێ. لەم پێگەوە، دەبێ کاروباری ئەم جیهانە هەر ڕۆژ بخرێتە بەردەم دادوەری و چارە سەربکرێت، لەدوورەوە ناتوانرێ دەربارەی ئەو کاروبارانەی جیهان دادوەری بکرێت)). لەگەڵ هەمووی ئەمەشدا (گوێتچاردینی) حاشا ناکات لەوەی کە هەندێ وێك چوونی خۆیی هەیەو دەڵێ ئەرکی سەختی مێژوونووسان ناسینی ئەو وێك چوونە خۆییانەیە: ((ئەوەی لەرابروودا هەبووەو ئێستا هەیە لەداهاتووشدا دەبێ، تەنیا ناوەکان و رواڵەتی شتەکان دەگۆڕێن و بۆیە ئەو کەسەی کە بینین و دانانی نەبێ ئەوانە ناناسێت)).

بەپێی ئەو بۆچوونانە، سەیرنیە ئەگەر ببینین فەیلەسوف لەسەرانسەری سەدەی هەڤدەیەم دیسان لەبەدگومانی بەمێژوو بەدەوامن. (دیکارت) (1596–1650ز) کە بە ناوبانگە بە باوکی فەلسەفەی نوێ، بەهۆی هەڵبژاردنی مێژووەکان وەك چاوك، چۆن بوو ئیدی ئەو مێژووانە بە سەرچاوەی راستی نازانم، وازم لێهێناوە: ((تەنانەت راسترین مێژووەکان تارادەیە هەمیشە رواوە بچووکەکان کەمتر دەخرێتە بەرچاو و دەیسڕنەوە، روداوەکانیتریش بەشێوەی راستی نانووسرێن)). لەمەش زێدەتر (( میرە سەرگەردانەکانی)) سەدەی ناوەڕاست ناتوانرێ بکرێن بە سەرمەشق بۆ ڕەفتار لەم چەرخەی نوێدا، مێژوو پڕە لەچیرۆك و داستانی خەیاڵی، کەمتر شتێکە کە نووسەری بلێ و نووسەرێکی دیکە دژی نەبێ ئامارگیریشی بێ سوودە. تەنیا ڕێگەی گەیشتن بەراستی، ورد بوونەوە لەو بۆچوونانەیە کە بەهۆیەوە بتوانین ((بەڕوون و بەڵگەداری بابەتاکان بەوردی وەرگرین)) یان ((لەڕێگەی پێوانەوە لەدەرئەنجامەکان دڵنیابین)) یانی بۆچوونەکان بەڵگەنەویستی مەنتقی بن کە هەر هزرێکی عاقل بتوانێ لەهەر کات و شوێنێکدا راستیەکانی قبوڵ بکات. هاوکێش لەگەڵ ئەم تێڕوانینە، کاتێ (دیکارت دەیەویست زانستی بەدی بهێنێ و بەروەردەی بکات کە بابەتەکەی سروشتی مرۆی بێت، تەنانەت یەك جاریش ئاماژە بە ئەزموونی مێژووی وەك ئامرازێ بۆ بەڵگەهێنان یان قبوڵ کردنی راستی بوونی داواکانی ناکات، بەڵام هەندێ لەهاوچەرخانی دیدی باشتریان هەبوو: (تۆماس کامپانلا) (1568–1629) بڕوای وابوو مێژوونووسین بنەڕەتی (هەموو زانستە، هەرچەن بەپێنجەمین بەشی فەلسەفەی عەقلی دانراوە))، (فرانسیس بێکن) (1561–1626ز ) بەسێ بەشی بنچینەیی مێژوو، شیعرو فەلسەفە دابەش کرد. لەگەڵ ئەمەشدا، بەپێی بۆچوونی هەردوو بەشێوەی بنەڕەتی، بەمانای کۆمەڵە باسیاری کردنێکە لەروداوەکان کە پاشان بەهۆی گشتاندن بڵاوبوونەوە، دەگاتە پێگەی زانستەکان، خۆی لەخۆیدا یەکێ لە (زانستەکان) نیە.

لەسەدەی هەڤدەیەم هۆگریەکی تازە بۆ دەستورو ئەحکام یان حەکەمیەتی پێشهاتە چاوەڕوان نەکراوەکان هاتەدی، کە بەپێی ئەوە، گریمانی پێشوو پێك هاتبوو لەوەی کە زانیاری راستەقینە دەبێ بێ هیچ خەوشێك نزیك بەدڵنیایی بێت، رەت کرایەوە. تەنیا جیاکراوە لەم دەستورە لە سەردەمی (یونانی مەئابی) دەبینرا. گومانکەران لەسەر قوتابخانە یا ئەکادیمیای ئەفلاتوون زاڵ بوون کە ئیمکانی بەدەستهانی ئاگایی بۆ مرۆییان حاشا دەکردو ماوەیەکی زۆر لەگەڵ (ڕەواقیەکان)دا لەگفتوگۆدابوون کە ئەو ئیمکانەیان قبوڵ نەدەکرد. سەرئەنجام زۆرێ لەهەردوولا قبوڵیان کرد کە ئاگایی مرۆی هەرگیز لە پێش لەزانیاریە گوماناویەکانەوە نیە، وەلێ هەرگیز نەگوترا کە چ کەسێ دەتوانێ پلەی گومان لە باوەڕەکان بەشێوەی دیاری کراو هەڵسەنگێنێ. دوو تێڕوانین بۆ ئەم پرسە بەدی هات: لەلایەکەوە (بلزپاسکال) (1622–1662ز)و کەسانیتر کە دەستیان بەتوێژینەوە کرد لەدەستورە ئیحتمالی و گوماناویەکانی (بیرکاری)، لەلایەکیترەوە، کەسانێ وەك (ئانتوان ئارنۆ) (1611–1694ز) هاوچەرخی (پاسکال) کە دەیگوت ژیانی مرۆیی لەبنچینەدا خاوەنی چیەتی و پێکهاتەی ئیمکانیەو لەبەر ئەمەش، دەبێ جۆرێکی دیکە لەدەستوری ئیحتمالی کە نا بیرکاری لەو بارەیەوە بەکاربێت کە لەسەر ((ئیحتمالی ئەخلاقی)) دانرابێت. چەمکی ((دەستوری ئیحتمالی ئەخلاقی)) لەدوو لاوە بۆ مێژوو گرنگی هەیە. یەکەم ئەمەی کە باوەڕی لایەنگرانی ئەو (دەستوری ئیحتمالی ئەخلاقی)ە ((دەستوری ئیحتمالی ئەخلاقی)) ڕێگایە لەبەردەمی ئێمەدا تەخت دەکات بۆ بەدەستهێنانی پلەیەکی بەرز لەباوەڕدا لەبارودۆخێکدا کە شێوازی بەدەستهێنانی وردو بەکارهێنانی ڕێگەی زانستی تەواو و شیاو نەتوانرێ بەکاربێت کە بەرێگەی ئەو دەستورەوەبتوانرێ ئەزموونەکان کۆنترۆڵ و دووپات بکرێنەوەو لەرووی چەندایەتیەوە ئەندازەگیری و پێوانە بکرێت. دووەم ئەمەی کە وەها حوکمێ دەتوانرێ لەبوارە بچووکە مێژوویەکان کە تایبەتە بە تاکەوە بەسوود وەربگیرێ (وەك فلان کەس یان گروپی فەرهەنگی یان رەوتی روداوەکان یان تێبینی تایبەتمەندییەکان و سیفاتی کەسایەتی ئەوانە) نە لەفلان بنچینەی گشتییەوە، زانیاری بەدەست بێنین. (ژان مابیۆن) (1623–1707ز)، ئەندامی پێشکەوتووی بەشی فەرەنسەیی گروپی (قەشەی بندیکتی مۆریست)، کە رۆڵی بەرجەستەی بو لەبەدیهێنان و پەرەوراندنی شێوەی مێژووی توێژینەوەیی و لەمێژەوە ئەو شێوەیەیی ناسیوە، لەو بارەیەوە لەبەڵگە مێژووییە رەسەنەکان کەڵکی وەرگرتووە. بەپێی نووسراوەکەی، کەسێ کە ساڵیانی ساڵ لەگەڵ بەڵگە ئاسەواریەکاندا ئاشنایی هەبێت، دەتوانێ لەم جۆرە حەکەمیەتانەدا لێزانی بەدەست بێنێ، گەرچی هەریەك لەم بەڵگە شایەتانە لەوانەیە بە تەنیا سەنگاییەکی نەبێت، حوکمی (ژان مابیۆن) پێدەچێ نزیك بە باوەڕو دروست بێت. هۆی ئەمەیە کە لەوەها حوکمێکدا مانای گشتی یان کاریگەر گشتی بەڵگەکان لەرووی چیەتیەوە هەڵسەنگێندرێ، ((گشت پەیوندیەکانی بەرانبەر بەیەك لەگەڵ یەکتردا)) واتە ((کۆی رووداوەکان و بەراوردەکان و بارو دۆخەکان)) بخرێتە بواری پێوان و هەڵسەنگاندنەوە. پێویستی دەستورەکانی ((ئەگەری ئەخلاقی)) لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، بەتایبەتی لەبەریتانیا بوو بەجێی باوەڕ پێکردن و نرخاندن. زانایانی وەك (رابێرت بۆیل) و (نیۆتن) لە دژایەتی کردنیاندا لەگەڵ (دیکارت) ئەوەیان دەگوت کە تەنانەت دەربارەی راستی و دروستی بیردۆزە سروشتیەکانیش دەبێ بەپێی ئەگەرەکان ناوەنجی بکرێت. (جۆزێف باتلر) (1692–1752ز) نووسی کە ((ئەگەر ڕێنمایی زیندەکیە))و ((باوەڕی لەم بەشە بەدەست دێت دەتوانرێ لەگەڵ کار شناسی یان ئاسەوارە هونەریەکاندا کە کاریگەری گشتیان هەیە بەراورد بکرێت، یانی ئاکامی بەدەستهاتوو لەزۆربەی شتەکان کە دەکەونە بازنەی ئاوا دەبێ یان وەهادەبێ و دەتوانرێ هەموویان بەیەك جۆر ببینرێ.. بەڵگەی بەدەستهاتوو لەرووداوە جۆراوجۆرەکان کە هەموو موکری (تەئید)ی یەکتر دەکەن.. هەروەها بەڵگەو نیشانە جۆراوجۆرەکان)).

لە (فیتاغۆرس) تا ئەفلاتوون) تا بگەینە (راجر بێکن)و (دیکارت)و لەپاشی ئەوانیش، زۆربەی فەیلەسوفان عاشقی بیرکاری بوون و ئومێدەواربوون کە ڕۆژێ سەرەئەنجام بیرکاری هۆکارێ بێت بۆ بەدەستهێنانی دڵنیایی واقعی لەهەموو بوارەکاندا. ئەو عەشقە بە سەرکەوتن و پێشکەوتنی شۆڕشی زانستی سەدەی هەڤدەیەم خێرایی بەخشی کە بەدۆزینەوەی یاسا بیرکاریە وردو چەندایەتیەکان کە تایبەت بەچیەتی جیهانی فیزیایی بەپلەی باوەڕ پێکردن گەیاند. فەیلەسوفانی عاشقی بیرکاری لەو باوەڕەدابوون کە حوکمی ((ئەگەری ئەخلاقی)) لەبنەڕەتدا بەبێ ڕێزداری لەزانست قبوڵ نیەو چ لەمێژوو و چ لەهەر جێگایتر دەبێ جێی خۆ بەشێوازەکان کوت و مت وەك زانستی فیزیا بدات تەنانەت (هیۆم) دەڵێ هەر حوکمی ئەگەری واقعی، لەئاستی دەروونی نێوە هۆشیار لەراستیدا حوکمی بیرکاریە، لەقسەکانیدا وا دیارە کە دەبێ هەوڵ بدرێت کە دادوەریە وردە مێژوویەکان بەڕوون و ئاشکرای بگەیەننە پلەی حوکم بیرکاریەکان. لەم رووەو لەزۆربەی بوارەکانیتریشەوە، دەتوانرێ (هیۆم) بە باوکی ((پۆزەتیڤیسم)) بزانرێ. رەخنەی بنەڕەتی لەئەم جۆرە ئەندێشانە ئەمەیە کە مرۆڤان خۆیان شێوەی ئەحکامی ئەگەرە ئەخلاقیە زیندووەکانن. دەتوانرێ لەوە گفتوگۆ بکرێ کە ئێمە لەپاشی لەدایك بوونماندا لەگەڵ دادوەریە هزریەکان و نۆژەن کردنەوە یانیش دەربارەی خۆمان و دەربارەی جیهانی کە پێوستە تیایدا بژین و تەنیا لەم جیهانەدا دەتوانین گەشەو پێگەیشتنی خۆمان بەدەست بێنین، لەراستیدا کۆششێکە لەئاراستەگەری کردنمان بۆ ژیان. هەموو بڕیارو ویست و نەخشەسازی کرداری ((زیندەگی)) لەرووی ئەمەوە کە چی بکەین لەدادوەریە گشتیەکانی (گشتاڵت)ەوە سەرچاوە دەگرن کە بەردەوامی ئەوانە هەڵسەنگاندنی تازەیان لێ دەکەین تاکو نە تەنیا ئەزموونە تازەکان بەڵکو ئاکامی کارەکانی پێش لەخۆمانیش بێنینەکایەوە. زۆرجار زۆربەی بنەماگشتیە جۆراوجۆرەکانیش لەدادوەریەکانی ئێمەشدا جێگیر کراون، بەڵام هەمیشە بەم هۆیەی کە بنەمای ناوبراو لەگەڵ بارودۆخی ئاڵۆزی خۆیدا کە هەواڵی زانینی دەدەین پەیوەند دەدەین. کەواتە دەتوانین بڵێین مێژوو بریتیە لەپەیوەندی بەرانبەر یەکتر و هەمیشەیەکانی ئەم جۆرە دادوەری تاکی و گروپیە و گۆڕانکاری پلە پلەی ئەو دادوەریانە کە بەدرێژایی زەمان وە دەست دێت. ئەگەر وەها بێت، کاری مێژوونووس دەرخستنی کورتەی ئەو دادوەریانەیەو هەندێ لەبیرو ئەندێشە دەربارەی ئەو دادوەریانە کە خۆی دادوەریەکی دیکەیە لەبەشی ئەحکامی ئەگەری ئەخلاقی)، هەڵبژاران و سەرنج راکێشان بەتشتگەلێگ کە بەباوەڕی ئەو (لویی مینك)، ماناو گرنگیەکی تایبەتی هەیە، لەم ڕێگەیەوە دەکرێ تەم و لێڵ و ئاڵۆزیەکانی دادوەریەکان ئاسان بکرێتەوە.

لەنووسیەنەکانی (لویی مینك) هاتووە کە حوکمی مێژوویی بەتەواوەتی لەم جۆرە بابەتەیە، لەیەکێ لەنووسینەکانیدا هاتووە ((شێوەی زانین و تێگەیشتنی)) کە بەتایبەتی لەمێژوودا هەیە لەبنچینەدا لەگەڵ ((جۆری بەڵگەدا سەروکاری هەیە کە ناتوانرێ کێشی گشتی پێ بدرێ))و بەپێی ئەو ((کێشی گشتی بەڵگەکان وەك کێشی دانە دانەی بەڵگەکان نیە)). لەراستیدا، کێشەکە پەیوەندە بە ((تێگەیشتنی روداوێکی ئاڵۆزو فرەلایەن کە لەم ڕێگەوە دادوەری گشتی و کورتکراوەیەك کە هیچ هونەرێکی شیکردنەوە، جێگەی ناگرێتەوە، هەموو شتێك بە دیدێکی گشتی ببینین)). ئەم دادوەرە کورت و گشتیە ((بەزۆری وەك کارێکە کە هەموو کەسێك بۆ راڤەکردنی مانای هەر قسەیەك کە ئەنجامی دەدەن)). کەواتە مێژوونووس دەیەوێ ((شێوەی دروست بوونی روداوەکان)) بدۆزێتەوە.

((لارێ گرتنە، گەر بڵێین لێکۆڵینەوەی مێژوویی بریتیە لە کۆکردنەوەی بێ وچانی رووداوەکان (facts) و پاشان پێکهێنان و تۆمار کردن))، چونکە ((پەیوەندیە ئاڵۆزەکانی نێوان روداوو ئاکامگیری)) بەو مانایەیە کە قسەی ئێمە ((هەم دیاری کردنی شێوەی بیرکردنەوەی مێژووییە کە کاردەکاتە سەر توێژینەوەکەو هەمیش دەربارەی باسیاری و وەسف کردنی دوا ئامانجی)). بەپێی ئەمە، گریمان کە مێژوونووس ئاکامگەلێك کە بەدەستی هێناوە کورتی کردبێتەوە، هیچ ئاکامی جودا لە ئاکامەگشتیەکاندا نیە چونکە مێژوو دارشتن (( نە ئاکام دەخاتە بەرچاو نە ئەمەی کە روداوەکە بسەلمێنێ))، تەنانەت ئەگەریشی لەیەك ریزبەندی گەورەی کۆتایی جیاکاریشدا بخرێتە روو لەراستیدا ئاکامگیری ناگرێتەوە، بەڵکو بەبیرخستنەوەیەکە بۆ خوێنەر سەبارەت بە بەرزو نزمی روداوەکان کە مێژوونووس پەڕو باڵیان پێ دەدات، بەپێی ئەم باسە، لەو باوەڕەدان کە بۆ یەکەمین جار (مێژووی رەسەن) یان (مێژوو دارشتن) ئاشکرابووە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە پێشینە تایبەتمەندیە کلیلیەکانی ئەم گۆڕانکاریە لەسەدەی هەڤدەیەمەوە دەستی پێکردووە.



# تۆ بەردەوام لەگەڵمدایت..

زانا سامان

## وەلێ ناتوانم بتبینم بە ئەو .. چونکە سەما لەگەڵ وشەکانمدا دەکات

نازانم..
هەرگیز بۆم ناخرێتە ڕستەوە
ئاخۆ.. فەنای ئۆقیانووسی خەیاڵبووم
یان بەگالیسکەی عومرەوە
بەرەو لوتکەی میهرەبانیت.. هەڵدەزنێم
ئەوە تۆیت.. بەوپەڕی عەتفەوە
سڵاوم لێدەکەیت و
بەژەنینێك سەدای دەنگم
دەشوبهێنێ،
ئەوە منم.. لەوێی مەنفاکەی خۆمەوە
لەمەملەکەتی خەیاڵ و
ڕۆچوون بەوپەڕی پیریدا
یاری بەو پەنجە ناسکانە دەکەم
کە بە ئاراستەی سڵاوێك.. تیشك ئاسا
شووشەی چاویلکەمی خاشکرد،
ئەوە تۆیت.. لەقوڵایی خەونە بزڕکاوەکاندا
درووود بۆ نیشتیمانێك دەبەیت
کە من نیم و
بەبێ منیش.. ئاڵای عەشقی تیا هەڵنادرێ،
ئەوە منم.. هەمیشە بەیادی
شکانی شووشەیەکەوە
گوێم لەخیڕەی..
وردوخاشبوونی دڵێکەو
بەو پەڕی تەریقبوونەوەدا.. تێدەپەڕم،
تۆ بەردەوام لەگەڵمندایت
وەلێ ناتوانم بتبینم..!
دەزانم
تۆ لەسەر تەریقەتی عەشقی..
وڵێ من دەروێشانە
کتێبەکەی..
حەزرەتی (زەردەشت) دەخوێنم،
لەمێژە عەودالی عەشقم
لەمێژە.. دەپرسیت و دەپرسیت
ئیدی تۆ منی و
منیش لەوانەیە تۆبم
بەخێربێیت.. شەهرە یار.. بەخێر
تا هەمیشە لەنێوان یەکدا بسرەوین
خۆت تێکەڵی خەیاڵمکە.. شەهرە یار
تۆ بەردەوام لەگەڵمندایت
وەلێ ناتوانم بتبینم!..